# سوکەڵە توێژینەوەیەك بۆ ئاستی کوێخا سێوێ

عبدالله حمه سور

نووسەرانی خاوەن ڕێز . . . دەقی نووسینە ئەدەبی یەکانتان بکەنە نموونەی گۆڕەپانی یاریگەیەکی گشتی باهەموو وەرزینەوانێکی ڕەخنە سازی لاوەندی باسکی خۆی لێ هەڵماڵێ بۆ ناو شانو بکەوێتە گەڕ هەر لە ئەلفەوە تا لامن فەلای ئەو نووسینانە . .

بۆ ئەو ڕایەش سەرتاو بنەتای بێ کەم و کووڕی بۆ دابنرێت گەلەك باشترە تا شایەنی نێوان ڕەخنەگرو نووسەر هاوتا دەرچێت . . . یەکەمین شەرتی سەرەتای ، ڕەخنەگری کارامەو بە توانای دەوێت بۆ ئەوەی لە یاسای گیانی ڕەخنەکاری – بە ئەنقەستبێت یان بنیات نەر – خۆی وەلا نەنێت . . . دووەمین مەرجی بنەتا کەشی بواری نەخشاندنی گشت بەرهەمی نووسەران‌و ڕەخنەکاران بە شێوەیەکی بەربلاوی بو بسازێت تا لە دووتوێ‌ی چاپەمەنی یەکاندا چی لە بارەیان‌دایە بی‌خەملێنن .

بەرهەمی بڕێك ئەدیبان بۆتە گوڵە حەوزی ناوەراستی مافورێکی دەست – چن ، هەر لە گەڵ فەرشەکە ڕاخرا بە گورجی سەرنج ڕادەکێشی‌و ئیدی کەس نە لە پەراوێزو ڕەنگی گوڵ‌و نەخشەکانی کەی دەپرسی‌و نە لە ئەستوری‌و باریکی تاڵ‌و ڕایەڵی ، سفت‌و درشتی لە ئارادا هەرنیە . . بەرهەمی ئەدیبێکەو لە مێژە خوێنەران ئاشنای ناوە ناسراوەکەیەتی ، تێ ڕامانی پی‌ناوێت ، بیکە بە سەربارو بینجەرە سەر بارستایی ئەو لیژنە بەرهەمە نوێ‌یانەی کە هەڵچنراون بۆ چاپ . . . لە کەنار ئاوایی‌و گوندان جێگا خەرمانی کۆن هەموو ساڵێك دەسوونەوە تا خەلەو خەرمانی وەرزی داهاتوو لە هەمان شوێن‌دا قوت بکەنەوە ، وەك گوێ تەپەی نێو دەشتی شارەزورو قەراج بێ ئەرك خۆی سەری هەڵداوەو بەهاتە . . . بەرهەمی نووسەرانی نوێ‌ی دیکەش لەو پی‌دەشتانەدا با بەر ئافاتی لافاو بکەوێت‌و وەك تۆوی شاری پەرت‌و بلاو بێتەوە . . . ئاوەها هەر کە گوڵە حەوزەکە لە پاڵ سەرباسەکەیدا یان لە دامێنی نووسینەکەیدا بینرا ئیدی ئەو بەرهەمە ئەدەبی یە تێ ڕوانینی شێوەی زانیاری‌و بابەتی‌و نوێ‌خوازی پی‌ناوێت ، هەرچەندە روخسارو تەختی فەرشەکەش سپی‌واش‌بێت ، دەم‌و دەست لە ئامێزی پەسەندا بێ ئەوەی یەك‌و دووی لێ‌بکرێت ڕچاو دەکرێت‌و دەخرێتە بەر خوانی خوێنەران

لێرەدا مەبەستم لەو برە ئەدیبانە ئەوە ناگرێتەوە خوانەخواستە ئەدیبە لێ‌هاتوو بەهرەدارەکان بکەمە جێ‌ی دەست نیشان من بڵێم‌و نەڵێم نووسەری بەهرەدار نەك جێ پێ‌ی خۆی تەواوەتی کردۆتەوە لە ناو کۆی ڕۆشنبیران‌دا ، بەڵکو ناوو ڕەنجی چۆتە ناخی مۆخ‌و هەناوو دەروونی خوێنەران‌و بە ڕێزەوە شایستەی ڕێز لی‌نانن .

مەبەستی ئاشکراو بێ‌چربە تەنیا پرسیارێکی گچکە قوت دەکاتەوە ؟ . . . بەرهەمی ئەدەبی هێندێ نووسەرانی نوێ تامەزرۆی سەرهەڵدانە تا هەناسەیەك لە بای سەرزەمینی ئەدەب وەربگرێت‌و چێژو بۆی پەخش‌کاتە بەر ڕووی خوێنەران ، ساڵ وەردەسورێت‌و ساڵی نوێش دێت‌و دەڕوات ، هەرچەندە بەرهەمەکەشیان شان لە شانی بەرهەمە پەسەندکراوەکان دەسوێت ، کەچی بە پێخەفێکی ئەستور داپۆشراوەو هیچ نەبێ ساڵی جارێکیش – بۆ دەرمان – لای لێ‌ناکرێتەوە تا چاوشارکێیەك لە ناو لاپەرەی چاپەمەنی یەکاندا بکات . . ئەمە بۆچی ؟ . . وادیارە بۆ نموونە نووسەری نوێ کراسێکی دڕی بە پیسی ، سەد کراس بدڕێ بە پاکی هەرپێ‌ی دەڵێن پیسە ، جا «ئەگەر» یان چاندو سەوز نەبوو ، با بڵێین ئەی «ئەگەر» واش‌بووبێ ، خۆ هیچ ئەدیبێك لە پڕێك نەبوە بە کوڕێك ، لە سەرەتای پیاهەڵزنان‌و دەم تێوەردانیان لە ئەدەبەوە چەندان کەرەت بەرهەمەکانیان پاك‌نووس کردۆتەوە – کە ئەو کردارەش کارێکی شیاوە – تا گەیشتونەتە پلەی شاکاری ئەدەبیان .

دەبا ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی پەسەندکراوە بیان لاوێنن‌و پەروەردەیان بکەن بۆ ئەوەی چەکەرە تازە کردوەکەیان دوو پەلەببێت‌و چرۆ دەرکات ، ئەوسا خونچەی گوڵیان لە خۆڕا دەم بۆگزنگی خۆر ناکاتەوە بێ‌ئەوەی داهاتی ئەدەبیان بە پێزبێت .

گەر بەرپەرچی ئەو ڕایە بدەینەوە کە مامۆستا لە قوتابی بە تواناترە ، ئەوا دەبێت بەو چاوەوە لە گەردوون بڕوانین کەوا بێجگە لە زەوی چ ئەستێرەو زەمینەیەکی دی لە بۆشایی ئاسماندا نی‌یەو گەر کۆمەڵە ئەستێرەی گەرۆکیش هەبێت لە یاسای هێزی کێش‌کردن بەدەرن . . . بەڵام کاتێ لە دووا – ڕۆژدا ئەو دەمەی سەرەنجامی کارو توانای قوتابی پێ گەیشت‌و کەوتە گەڕ ، ئایا لە ئاستی توانای مامۆستاکەی‌دا دەمێنێتەوەو ڕادەوەستی‌و چیتر هەنگاو بەرەو پێش نانێت ؟ . . هەرگیز نا . . توانای قوتابی یەکە پێ‌ی لێ هەڵدەگرێت‌و تەکان بەرەو پێشتر دەدات‌و گۆڕان بە هەموو بارێکی شارستانیەت دەدرێت ، هەر ئەمەشە یاسای پێش‌کەوتنی مرۆڤ لە ژیان‌دا . . گەر ئاوەژووی ئەمە بڕوانینە بەرهەمی تازەکارو نوێ خوازی‌و ، زانستیانە نەڕوانینە بەرهەمی تازە پشکوتوو ، ئەوا دەبێت ئەدەبەکەمان لە – گۆڕانکاری بەدەربێت‌و لە شوێنی خۆی‌دا چۆك دادات‌و توانای جوڵەی نەمێنێت‌و بچەقێت . .




ئیدی لە خۆڕا بۆ خۆمان بڕەتێنین ، با لە دووای چیخۆف‌و پیرەمێردو شکسبیرو خانی‌و کەڵە ئەدیبانی دیکەوە دۆش داماو ڕامێنین . تۆ بە خۆت قایل دەبێت‌و واز لە زادەی مێشکت

دێنێت ، یان بین بە چێژتنی بەرهەمی ئەدیبانەوە دەگرێت هەر لە بەرکولّی ئەدیبی تازە پشکووتوانەوە تا شاکارە ئەدەبی یەکان . .

نازانم چۆن نووسەرێك بە دەمیا دێتو دەڵێت : با واز لە رەخنەو رەخنەکاری بێنینو ئەدەبەکەمان سەری لێ شێواوەو بۆتە پاشا گەردانی . یان مەزندەی ئەدیبێکی دی بۆ ئەوە بچێ کە بڵێت : مەیدانی ئێستای ئەدەبی کوردیمان ئەمەندە لە رەخنەو سەرنجو پیاچوونەوەی بابەتی چۆڵە دەڵێی ئاشی ئاو لێ کەوتوە . . دیسان یەکێکی کەش وای دەسەلمێنێ کە : هێندە رەخنەگر ملی خۆی لە ئەدەبی کوردیمان دەسوێت تا وای لێ بەسەر هاتوە ئەدەبەکەمانی تووشی گێرمەو کێشە کردوە .

لێرەدا وادەگەیەنێت کە خۆمان لۆمەی خۆمان دەکەینو ئەدیبەکەش هەر بۆ خۆی نارەزایی دەردەبرێت بەرامبەر بە بەرهەمی هونەری خۆیو ئاوەلاّنی . . هەرگیز خوم نەشێواوە کاکە برا ، جا گەر بەم رەخنە کارییەی ئێستا کە هەیە قایل نین ، کەواتە دەروازە پشتکولّۆم مەدەن لە سەر بەرهەمەکان . . پەرژینی چقلاّوی ئەستورو بڵند مەکێشن بە دەوریاندا تا چەند کەسانێکی رەخنەگر – تازە کار بن یان قاڵ بوو – پێ بە جەرگی خۆیاندا بنێنو بە ئاستەم پێ بنێنە ئەو دیو دێبەرەکەوەو تامو چێژو بۆنێکی پێوە بکەن . . ئەوسا گەر لە باریاندا هەبوو نووکی خامەکەیان پەراوێزێکی تەسكو باریك بە شێوەیەکی هونەری جوانکاریانە بە دەوری شێوەی ئەو دەقە ئەدەبیەوە بکێشنو تۆزقاڵێك داهێنانو برەو بخەنە بەر گیانی ناوەرۆکی ئەو نوسینە تا بەرهەمەکە جمەو جوڵەیەك لە ئەستۆ بگرێت . .

رەخنەگر پشك بخاتە سەرکام بەرهەمەو چۆنی بقەبڵێنێت ؟ . . گەر نووسەر بەرهەمەکەی کەمێك لاسەنگ بێت . دەبێت بەوە قارس بێت کە رەخنەگر بستێك سەربارەکەی با بداتو بی ترخێنێتە نێوان شەتەکی گوریسو تا لارەکەیدا بۆ ئەوەی لاسەنگی نەمێنێتو بەرهەمێکی لەبار دەرچێت ؟ . . بێ گومان نووسەری لێ هاتوو بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوتۆ دێنێتە ئاراوە کە رەخنەگر لە خۆیەوە خۆی تێ هەڵنەقورتێنێ . . رەخنەگریش چەند ئەو بەرهەمە ئەدەبی یەی نووسەری لا بە پێزو فەربێت ، سەد ئەوەندە پتر حەز لەوە دەکات کە هەڵی سەنگێنێو بە ئەرکێکی زۆرەوە لە تەك توێژینەوەکەیدا دەرەنجێت کە چۆن پەی بە لایەنە لەبارو نا لەبارەکانی بەرێتو ، رۆبچێتە ناو بێنخی دەقی بەرهەمەکەو لە گەڵ بیرو رای نووسەردا بژیو خوێنەران ئاشنا بکات کە ئایا بەرهەمێکی پێزدارە یان بێ پێز . .

ئەو بیرتیژیەی لە نووسەردا هەیە بۆ ئەنجام دانی تێکستی نووسینەکەی ، رەخنەگر پتر بیرتیژی خۆی گرد دەکاتەوە بەرامبەر بەو بیرە قووڵەی نووسەر ، بۆ ئەوەی ژیرکاری لەوەدا بەکار بهێنێ کە بەرهەمی ئەدیبەکە بخاتە بەر روانگەی حوکمێکی رەواوە .

ئەو حوکمە رەوایەش دەبێتە مورەغەی ئەو کارە هونەرییەو کارە هونەرییەکەی ئەدیبەکەش ، ئەوسا رێكو رەوانو راست وەك کەژێکی بڵند دەیکاتە ئەستونێکی پتەوو خۆراگر بەرامبەر هەموو گەرداوێکی ناهەموارو سەرەنجام کە نووسەرو رەخنەگر بوونە تەنێك پێکەوە دوای شوێن پێ هەڵگرتنی یەکدی دەکەونو . واتای هەنگاونان بەرەو پێش چوونو داهێنانو سەرکەوتن بۆ کەلی توێژینەوەی نوێکاری زانستیانەو جوانکاری دەنێنو هونەری نووسەریش دەبێتە بەرهەمێکی نەمر .

بۆ ئەوەی پێ لە باسەکە هەڵ نەکێشمو زیادەرەوی تیا نەکەم دەڵێم ئەو جۆرە کارانەی کە بەرێز کاك (عزیزی مەلا رەش) بە چاو هەلاّتنی رۆمانی (کوێخا سێوێ) بۆ زەمینێکی سەرفرازی هونەری ئەدەبی کوردی هێناویەتە ئاراوە بە کارێکی گەلەك گرنگ دەژمێردرێت .

رۆمانی کوێخا سێوی بەر لەوەی لە سەرەتایەوە دەست پێ بکات ، پێشەکیو پێشکەش کردنو پیاچوونەوەو سەرنج دانی کەسی لە خۆ نەگرتوە . . دانەری چیرۆك حەزی خۆی وابوە کە یەکسەر خوێنەر خۆی بهاوێژێتە نێو گێرانەوەی چیرۆکەکەیەوە . خوێنەر خودی خۆی بە بێ ئەرك ئاشنایەتی لە تەك رۆمانەکەدا پەیدا دەکات .

بەر لەوەی چیرۆکنوس لە گێرانەوەی رۆمانەکەیدا دەم هەڵ بێنێتەوەو ئەلفی لە زاردا بترازێت . ئاماژی سەرنجێکی کورتی بیرتیژی خۆی کردوە بەرامبەر بە هەڵسو کەوتی ژیان . یەکەو راستان پەنای بردۆتە بەر ئیدیۆمی کوردی (پەنجەکانی دەست وەك یەك نین)ی کردۆتە سەرمەشقی چیرۆكو جا بێ تێ رامان بیر شۆر دەکاتەوە بۆ ناو بێنخی نێو تەمەنی سەردەمێکی نزیك نیو سەدە لەمەو بەرمانەوە .

کاتو سەردەمی چیرۆك بە روونی دیارەو بەشێکە لە مێژووی ناوچەیەکی دیاری وولاّت . . گەر پەنجاکانی دەست وەك یەك بوونایەو هەموو کەسێك بەلای چاکەدا دای ناشیایە ئەوا دنیا دەبوە (شامی شەریف)و بێ گێرە شێوێنی هیچ کەسێك خراپەی لێ نەدەوەشایەوەو سەرانسەری دنیاش بە ئاسودەیی دەژیان ، لەوانەش بوو نەك ئەم رۆمانە – کوێخا سێوێ – بەڵکو مل ملانێو دژایەتیو دوژمنایەتیو ناکۆکێش لە نێوان ئادەمیزدا رووی نەئەدا .

رۆمانی کوێخا سێوێ هەر وەك باسی سەردەمێکی دیاری لە ئامێز گرتوە ، هەروەهاش نەخشەیەکی بریسکەداری کردۆتە ئاوێنەیەکی روناكو جوگرافیای سەرانسەری ئەو ناوەی هەر لە هەولێرەوە لە خۆرهەلاّت تا دۆمەو دیبەگەو مەخمور بۆ خۆرئاوا ، وە لە بابەگورگوری کەرکوکەوە لە باشوور تا باکوری دەشتی قەراجی نواندوەو گەر خوێنەریش ئەو ناوەی نەدیبێ ئەوا بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە شوناسی دەبێتو بگرە پتر شارەزاییەکی تەواو لە ئاوو هەواو بەروبوومو بژێویو نەهاتی دەرامەتو چۆنیەتی هەڵسو کەوتی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە پەیدا دەکات . وە بەو بۆنەیەوە دەتوانێ باری سەرنجی خۆی بەراوبووردووی ئەو ناوچەیەدا بخشێنێتو هەڵسەنگاندنێکی تەواوی باری ژیانی ئێستاشیان بکات .

هەرچەند دانەر لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا تێبینی بۆ خوێنەر داناوە کە رەچاوی زمانی کەسانی ناو چیرۆکەکەی بەلای شێوەی ناوچەکەدا گرتوەو بگرە ئەو رەچاو کردنەش هێنەی تر خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بە تامو بەلەزەت کردوەو راستیشە کە بەڵگەیەکە بۆ دەوڵەمەندی زمانی کوردی . وە هەر لە سەرەتای یەکەم لاپەرەوە (شامی شەریف)ی بە پێی زمانی ئەو ناوچەیە کردۆتە نموونەی ئاسایشو بێ ئاژاوە بۆ ئەو چەرخەی چیرۆکی تیا روودواوە . . بەلاّم بۆ ئەوەی زیاتر بەڵگەی دەوڵەمەندی زمانەکەمان وەدەرخات وام لا باشتربوو کە دەبوایە ووشەی (شامی شەریف) لە زۆر ئاخافتندا دووپات نەبوایەتەوە کە هەر چەندە ئەم بۆچوونەی من سەرزەنشت نیە بۆ دانەرو رایەکی تایبەتە بە خۆم . وە دانەر سەربەستە لە چنینی چیرۆكو دارشتنو دانانی ووشەو رستەی چیرۆکەکەیو دەست تێوەردانی من نیە بۆ چۆنیەتی هۆنینەوەی هونەری چیرۆکی ناوبراوو هەموو بەرهەمێکی دیکەش . . بەلاّم لە تەك ئەوەشدا کە رایەکەم دەرخستوە با بڵێم لە لاپەرە (١٥٠)دا شێخ گومەر کە ووتویەتی (ئەوجا دنیا بۆ ئێمە دەبێتە شامی شەریف) گەر بوترایە ئەوجا دنیا بۆ ئێمە (تەخت دەبێت) وەیان ووشەیەکی تری بەکار بهێنایە ئەوا ووشەی شامی شەریف چەند جارێك بەزەقی خۆی نە ئەنواند .

لە سەرەتادا نووسەر کە دەوری سەرەکی بە مام ئۆمەر دەسپێرێ بە پشوویەکی هێجگار درێژو تەواوەوە بینی دەداتێ ، تا واشی لێ دەکات ئەو پاڵەوانیەتیەی لە دووای خۆی بۆ سێوە سۆری هاوسەری بمێنێتەوەو بگرە کوێخا سێوێ پتر لە رەفتاری مام ئۆمەر پێی لێ هەڵدەکێشێتو کردارەکانی لە ژیریو ئازایەتیدا رووەو هەورازتر لە مام ئۆمەر تا دەگاتە کۆپی بڵندیو بن بری کینە بەرێتی خێڵی شێخ گومەرو کوێخا وەسمانی دەسندە خۆری لە ژێر دەستی سێوە سۆردا رەچەڵەکیان دەبرێتەوەو کۆتایی بە جەورو ستەمی زۆردارانی ئەو ناوچەیە دێنێت . .

گەر سەرتاپا ژیانی مام ئۆمەرو سێوە سۆری خێزانی وەك چیای قەرەچۆخ سنگیان دانەکوتایە سەر زەویو زاریانو وەك تەنێك بەیەکدییەوە نەنوسانەیەو کرداریان نەبوایە ئاسۆی

دەشتی قەراج لەوانەبوو ئەو ڕۆمانە پێك نەهاتبایەو لافاوی گڕی گڕکانی ناو سنگی شیخ گومەرو ڕكو كینەی خێڵەكەی ناو جەرگەی زەوی هەڵدرِیایەو نەك مەڕومالاتو خەرمانی دانەوێڵەیان بگرە تۆویشی دەبرِینەوەو تا كە كەسێك لە وەچەی مامئۆمەر نەدەما جارێكی دی چاوانی هەڵ گلۆفێت لەو دەمەی گزنگی خۆری بەر بەیان تاریكو لێڵەی دەشتی قەراج دەرەوێنێتەوە .

ئازایەتی مام ئۆمەر لە خۆراگرتنیدابوو دژ بە جەورو ستەمی گومەر . گیانی خستبوە سەر لەپیٚ دەستی لە پێناوی زەویو زاریدا . . ژیانی بژێویو كەشو فشی وەلاوە دەناو بە كولە مەرگیٚی بە سكێك برسیو بە لەتە نانێك یان كەوچكە شۆربایەكی دەستیاوی مالان تێر . نەبەزینو گیان بەخت كردن لە كۆمەڵگەی قەراجدا هەر لەمام ئۆمەر خۆی دەوەشێتەوە .

ئۆمەر كە یەكەم پیاوی لای (گۆمەخرِە)ی كوشتو جا هاورێٚی كابراكە كەوتە (سەفاو مەروا) ، مەبەستی نووسەر لە سەفاو مەرواكە هاتوو چۆیەو گەر بی ووتایە ماوەیەك ئەو (سەرە خولیٚیەی پیٚكەوت) وەیان ڕستەیەكی كەی بەكار بهێنایە لای من دەقاو دەق بۆ ترس لیٚنیشتنی ئەو كابرایە باشتر دەگونجا . . هەروەها لە بری ئەوەی (دەستی حاجی لە سەفاو مەرِوای نێو مەماندابوو) كە بۆ گواستنەوەی دەستی چرِدۆ بە كاری هێناوە بۆ ئەندازەیەكی كەمی نێوان مەمان دەبوایە بە چەشنێكی دی ئەو واتایە بچنرایە وەك (دەستی نەدەسرەوت) یا (دەبزواند) یان (دەگلۆفت) . . . هتد .

كارێكی وا نارەوای ئەو دوو كابرایە بەرامبەر ئافرەتە تۆراوەكە ئەوەی نەدەهێنا كە ئۆمەر ئەو دوو پیاوە بكوژێتو دەی توانی بە جۆرێكی دیكە كۆتایی بەو دەست درێژییە بهێنیت ، هەرِەشەیان لیٚ بكات ، یان تەقەیان بە سەردا بكات بۆ ئەوەی ئەو دوو پیاوە پێش كارەسات دەست بەرداری ئافرەتەكە ببنو – ئافرەتەكەش بە هۆی هەرِەشەی مام ئۆمەرەوە هەر لە چنگیان رزگاری دەبوو . . . چونكە گەر مام ئۆمەر تائەو ڕادەیە خاوەن ویژدانو بەزەیی‌یە نە دەبوو پیاوان بكوژێتو لەبەر ئەوەی تاوانی كوشتن لە لاقە كردنو خراپی (زنا) گرانترە . . بەلام وادیارە بە لە ناو بردنی ئەو دوو پیاوە ستەمكارانە لە لایەن ئۆمەرەوە هەنگاو دەنێینە نێو شوناس بوونمان بە خوو رەوشتو رەفتاری ئۆمەرەوە جا لێرەوە بۆ تیٚڕوانینی چیرۆكو بەسەرهاتەكانی دیكەش .

ئۆمەر هاورێٚی گیانی بەگیانی (ئەحمەدی لۆق درێژ) بوو ، تەواو متمانەی پیٚی هەبوو ، تەماعی دنیا وای لە لۆق‌درێژكرد دەستی بچێتە كوشتنی ئۆمەری هەڤاڵی . . دانەر لە دارشتنی دەقەكەدا هونەرێكی بالای بۆ چنینی نەخشاندوە كە دەڵێت : (خوا ئەجەلی –ئۆمەری – نەهێنابوو ، ئەگینا وای لیٚ نەدرابوو كە جارێكی تر نان دوو لەت بكات . حەوت خەنجەر گۆترە نی‌یە) . . ئۆمەر خاوەن ویژدانیش بێت لە تۆڵەی خۆی دەگەرِێت ، ئەگەر لۆق درێژ دەستی ناپاكی كاسەی سەری كرمۆڵ نەكردایەو بە ئەزمی كوشتن ئۆمەری بە خەنجەر ونجر ونجر نەكردایە بۆ تەماعی تفەنگێك ، ئاوەهاش مام ئۆمەر ناچاری ئەوە نەدەبوو چاو بە چاوو ، ددان بە ددان لۆق درێژی بەد نمەك بە خەنجەر بكوژێتەوە . .

با لۆق درێژ لە بەرەی گومەریش‌بێت ، گەر بەرامبەر مام ئۆمەر ناپاكی نەنواندایە ، لەوانەبوو مام ئۆمەر هێندە دڵی پیٚبسووتایە نەك تفەنگ بەڵكو گەلەك باربووی چاكتریشی بكردایە .

كوشتنی لۆق درێژ بوو بە بەهانەو خێڵی گومەر گرتیان بە دەستەوە تا مام ئۆمەر بە نائومێدی لە زەوی‌یەكەی دەرپەرِێنن . . ئۆمەر بش‌مرێت بە لە دەست دانی زەوی‌یەكەی قایل نابێتو هاتە سەر ئەو ڕایەی (ئەگەر سەگ نەبیت گورگ دەت خوات) . . ئابەو پیٚیە كێشمە كێشی بەسەرهاتان ، مام ئۆمەر لە بری تۆڵەی ئەحمەدی كوری دووان لە بەرانبەران دەدات بە زەوی داو چەندانیان لیٚ دەپێكیٚ . . خێڵی گومەر لە دوژمنایەتی كۆڵ نادەن ، چوار دەنێرنە سەر ئۆمەر ، ئۆمەریش دووانیان لە خۆڵیٚ وەردەدات . . .

دوای سیٚ ساڵ شەر پتر پەرە دەستێنێتو دوژمنانی ئۆمەر كورە هەشت نۆ ساڵەكەی گۆشاو گۆش سەردەبرِن – چۆن ئۆمەر بەو كارەی زیاتر شیٚگیر نابێت ؟ . . ترسی لەبەر هەڵگیراو دەستی لە خۆی شت ، هێرشی تاكێك بەرەو ڕووی كۆمەڵ بە دەگمەن ڕووی داوە ، مەگەر ئەو تاكە كەسە هەر لە هێمای مام ئۆمەردا بدرەوشێتەوە . . بە چوار تەقە سیانی لیٚ خستنو بەكیانی بریندار‌كرد ، دوژمنانی كردە مێگەلو مۆڵی دان . . .

دانەر ئەندازەی ورەی ئۆمەر لەم حاڵەتەدا ئەپێویٚ : (ئۆمەر مشت لە درێشە دەگەرِێتەوە . . دوژمنان لە ترساندا گەنم گردو جۆ بلاویان لیٚكرد . . ئۆمەر گەرایەوە لای تەرمەكان . . سیانیان مردوەو یەكیان ماوە) . . نەك بە گوللە بە پیٚلەقەیەك دەیتوانی سەری چوارەمیش پان كاتەوە ، بەلام پیٚی ووت : (ئەگەر چی دوو كونتان لە جگەری من كردوە ، بە مردن نەبێت پر نابێتەوە ، بەلام چەندی دەكەم ویژدانم ڕێم نادات ، وەك ئێوە گورگو بنیادەم خۆرنیم) ، ئاوا بەزەیی بە بریندارەكەدا هاتەوەو بەخشی .

مام ئۆمەر دەستەی دوژمنانی ناچاركرد داوای ڕێك‌كەوتن بكەن . . پیرانیان ناردە لای . . پێك هاتن بە دڵ نەبیٚو سەرزاری بێت هێندە بر ناكات . . دڵ پیسانی خێڵی گومەر چوونە سەر مام ئۆمەرو ژنەكەیان كوشتو كچەكەیان بریندار‌كرد . . ئۆمەر سەر لە نویٚ گرفتاری دوژمنایەتیەكە بوەوە . . حاتەمی برازیان لە ڕێگەی ئاش لەناو برد ، ئەمەشی لیٚ بوە گرفتێكی نویٚ ، یا دەبیٚ ورە بەربداتو سەری خۆی هەڵبگرێتو زەویش بۆ ئێلی شیخ گومەر تەخت‌بێت ، یان دەبێت پیٚ بە جگەری خۆیدا بنیٚو دەستێكی وەهایان لیٚ بوەشێنیٚ تا دەلاقەی زامیان بگاتە هاو ئاستی زامی جگەری خۆی . . دە خۆتان هەڵ بخەنو هاتم . . بە هۆی (مامەندی بەقاڵەوە) شوێن پیٚی (عەلی شیخ گومەر)ی هەڵ گرت بۆ كویٚ چوەو كەنگیٚ دەگەرِێتەوە (ئۆمەر گوتی لەمەت چاكتر بۆ هەڵ ناكەوێت . نێچیری خۆت لە كیس مەدە ، دەی خێراكە) ، ئەمەی ووتو تەقەی لێوە هێنا ، عەلی پێكاو لەسەر ولاخی ، بەر بوەوە .

هێشتا مام ئۆمەر نەگەرابوەوە ماڵەوە دوژمنانی چوبوونە سەریو ئاو دەلی برایان گوللە باران‌كرد . . بە گەیشتنەوەی بە هانای ئاودەولەوە هاتو تەكی بە دوژمنانی داو یەك دووانێكی لیٚپێكان . . سەرەنجام ئاودەل ترسی لیٚنیشتو مام ئۆمەری بەجیٚ هێشت . مام ئۆمەر بە تاكی تەنیا مایەوە ، بێجگە لە ژنە تازەكەی (سێوە سۆر) كەسی بە دەستەوە نەمابوو . . ئۆمەر روخابوو . . گەر سێوە سور هاندەری نەبوایە دەستی لە بنی هەمانەكەوە دەرچوبوو . ئۆمەر لەو هەرەس دانەشیا ملی ریٚی دانەدەگرت زەوی‌یەكەی بەجیٚ بهێلیٚو ئاوارەببێت . . ئەی چۆن ریٚی لانەوازی گرتە بەرو ماوەیەك تووشی ئاوارە بوون بوو ؟ . . گەر دڵ دانەوەی سێوە سۆر نەبوایەو مەرجو پەیمانی ئەوەی نەدابایە كە ئۆمەر لە هەر شوێنیٚ بە ئاوارەیی بمرێت تەرمەكەی بێنێتەوە خاكی دۆمەی قەراج ، هەرگیزاو هەرگیز بستە ریٚیەك هەنگاوی نەدەنا بەرەو كۆشی ڕیسوایی ئاوارە بوون .

تۆ بلیٚی مام ئۆمەری چاونەترس زارەترەك بوویٚو لە ترسی دوژمنانی هەلاتبیٚ . . یان كاتێك بە مرادی خۆی شاد بوو ئیدی چی دەبێت بابیٚ . . مراد شاد بوونی مام ئۆمەر لەچی‌دا بێت ؟ . . (كە لاین هات ، زەوی‌یەكانی هەموو لە سەر مام ئۆمەر تاپۆكرد ، مام ئۆمەر لای وابوو تازە هاتۆتە سەر ڕووی دنیا ئەوەندە هەوەسی بە تاپۆی زەوی‌یەكان هات ، ڕووی لە سێوە سۆركرد ، تازە چ لە گۆریٚ نەما ، قسەی خۆمان بردە سەر ، ئەگەر لەمەو دووا دەریشمان پەرِێنن هەر ئێمە سەركەوتوین) . . ئئاوا لە خۆبوردنو خەباتی بیٚ ووچانی مام ئۆمەر ئومێدی نەپسانو بە ئاواتی پیرۆزی خۆی گەیشتو ئیدی ئاوارە ببێت یان نەبێت هەر ئەو سەركەوتوەو تەنانەت گەر لە

خەیاڵی دەبات بۆ گاسنی ئامێری تراکتۆر ، خۆشی وەڵامی خەیاڵ پلاوەکەی خۆی دەداتەوەو دەڵێت (گوریس وا بە یەك لایی ناگاتەوە ئەوجا تۆرەی دوو لایی یە) .

هونەری دانانی ئیدیۆمان چۆن لە ناواخنی تابلۆیاندا بە دیار دەکەون هەر بەو ئاستەش نووسەر زۆربەی رستەکانی چیرۆکی خەملاندوە ، بۆ ئەوەی مشتێ ببێتە نموونەی خەروار ، کە ئاودەلی شوبرای سێوە سۆر لە ترسا نەترەی بەر داوە (هەندەشی لە گوریس نەنابوو کە پاشە رۆژ سووی لە زەوی یەکان ببێتەوە) . . یان سێوە سۆر لە دیمەنی دەشتی قەراج دەروانێت کاتێ (رۆژ سێ رم لە ئاسۆی دەم کەلا جیا بوو بووەوە ، تیشکی زێرینی دنیای داگرتبوو ، رووی مرۆڤی دەگەست) . . وە ئەو دەمەی سێوە سۆر گوێی بۆ قسەکانی پلکە بەگم رائەدیرا تەواو دەژنەفتو پلکە بەگم : (گریانی قورگی ماوەیەك بێ هەستی کرد . رێچکەی فرمێسك یەخەی گۆنا چورچەکانی بەر نەدا) ، ئینجا بەگم کە دەکەوێتە گێرانەوەی سەرگوروشتەی چردۆی ماڵە مێردی ددانی پە پیسکەیی خۆی دەنا : (چاوم دەچوە پشتی سەرم ئەگەر یەکێك داوای شتێکی لێ بکردباما) وە کە ئۆمەر دەیویست رەنجبەری بکات سێوە پێی ووت : (چەند ساڵە ئاگام لێیە تۆ دارت لە سەر بەرد دانەناوە) .

جا بۆیە دەڵێم هەر وەك لە تەك ئەو جوانکاریەدا دانەر رۆمانەکەی پێ چنیوە ، دەبا گەلێ ووشەی دووبارە نەکردایەتەوەو لە هەر لا بەچەشنێکی دیکە واتایەکی ئاوتای ئەو ئاخافتنەی بکردایە کە هێجگار لە ووشەی (کر)دا بە زەقی دەردەکەوێت . . وەك لە لاپەرە (٥) نەختێك کربوو .

لاپەرە (١٥) دوای تۆزێك کر بوون – دوای تۆزێك بێدەنگی ، تۆزێك بێ دەنگ بوو .

لاپەرە (٤٠) بۆیە برێك کربوو – بۆیە برێك ماتو مەلول بوو .

لاپەرە (١١٩) خۆی کرکردو – خۆی کپ کردو لە دڵەوە گوتی .

لاپەرە (١٦٢) لە دوای ماوەیەك کربوون – لە دوا
ماوەیەك خەفە بوون . . وەیان – ماوەیەك پەنگی خواردەوە

لاپەرە (١٧٨) بۆیە چاوی زەق بوەوەو خۆی کرکرد – بۆ
چاوی زەق بوەوەو هەڵوێستەیەکی بۆ کرد .

لاپەرە (١٦٦) بۆیە ماوەیەك خۆی کرکرد – بۆیە ماوەیە
خۆی راگرت . . وە یان – ددانی بە خۆیدا گرت .

لاپەرە (٢١٢) لەبەر گریان کربوو – لەبەر گریان ما
بوو .

لاپەرە (٢٢٠) دوای برێك کربوون ئەگەر نیازیشی لە
بێت هەرگیز ئێمە رازی نین . – دووای برێك تێرامان . .

لاپەرە (٢٢٦) زەلامەکان ماوەیەك خۆیان کرکرد
زەلامەکان بوسەی خۆیاندا . . . زەلامەکان ماوەیەك خۆ
مەلاس دا .

وەنەبێ ئەو رستانەی دووای هێڵەکان کە من دام ناوە دا
هەر دەبێت پەیرەوی ئەوانە بکات ، بەڵکو ئەو رستانە نمونە
دانەر خۆی سەربەستەو دڵنیاشم لێی کە توانای دانانی گەڵ
ووشەی دی هەیە لە بری ووشەی (کر) بیان خاتە جێگای
ئەمە بە رای من هۆنینەوەی رستەکان پتەوتر دەکات .

هەر بەو پێیەش بو ووشەی (عاردی) گەر لە چەند لا
بگۆردرایە ئەوا دەها باشتر . بۆ نموونە کە سێوە سۆر سەرد
براکانی کردو دڵنیابوو لێیان ئیدی پێویستی بەوە نەکرد لا
بمێنێتەوەو گەرایەوە . . ئەو مەبەستە لە لاپەرە (١١٣)دا د
دەڵێت : (سێوە سۆر کە لە ئاست براکانی کەلەکەی ک
عاردی) – سێوە سۆر لە ئاست براکانی دڵنیابوو .

لاپەرە (١٢٣) لە سەر زگ خۆی بە عاردییەوە نوو
– لە سەر زگ خۆی بە زەوییان خاکەوە نووساند . . .
خۆی مت کرد .

لە لاپەرە (١٣٠) دوای تاپۆ کردنی زەوییەکان مام ئ
رووی لە سێوە سۆر کردو ووتی : ئافرەت دڵیان کەوتە عارد
قسەی خۆمان بردە سەر – گەر بی ووتایە ئافرەت دڵیان ئۆق



گرت . . وە یان باکی خەمو پەژارەمان نەما . . ئیتر یەك لا بووینەوە .

لە لاپەرە (١٤١) دوای گەرانەوەی مام ئۆمەر بۆ دەشتی قەراج ووتی :

ئەوەی راستی بێت دەزدو کەسەرم نەماو تەنگێشم کەوتە عاردی – خەمو گرفتم رەوایەوە . . ئیدی دڵم حەوایەوە . .

لە لاپەرە (٢٠٢) بایزو مەولوود هاتنە دۆمەو کۆمەکی سێوەیانکرد ، کوێخا سێوێ پشتی پێیان قایم بوو . کەلەکەی کەوتە عاردی – باکی نەما یان خۆشی کەوتە گیانی وەیان لە خۆی رادەبینی .

لاپەرە (٢٠٨) عەلی سێوە سۆری لە عاردی داو – عەلی سێو سۆری بە زەویدادا .

هەر چەندە ئەو سەرنجانەشم بە رامبەر بە ووشەی (عاردی) نوسیوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا نووسەر زۆر بەوریایی و تواناوە وەکو ئیدیۆمێك بۆ هەر رستەیە ووشەی عاردی پڕ بە پێستی خۆی دارشتوە وەك سێوە دەڵێت : ئەوا کچەکەم بە جێی خۆی گەیشت ، کەلەکەم لە ئاستی کەوتە عاردی لاپەرە (٢١٥) – کە کوێخا سێوێ کچەکەی شوو بکات ئیتر ئەو خەمەشی نەما . هەروەها سێوە سۆر کە لە ئاست براکانی کەلەکەی کەوتە عاردی . . ئیتر دڵنیابوو لێیان کە خەجە شەلی باوەژنیان دەربەستیانەو بە تەنگیانەوە دێت . لاپەرە (١١٣) .

هەمدیسان دووای تەواو بوونی هەموو شەرتێکی سەپانی سێوە سۆر لە خۆشیاندا دەی ووت : ئۆخەی ، کەلەکەمان کەوتە عاردی لاپەرە (١٣٧) کارو فرمانیان تەواوکردو کەلەکەیان کەوتە عاردیو یەکالا بوونەوە لە دەست چردۆو ئومێدی گەرانەوەیان بوژایەوە بۆ دەشتی قەراج .

بەرهەمێکی نەمری وەك کوێخا سێوێ بە تێروانینی بابەتییەوە شۆر دەبێتەوە بۆ نێو بێخی راستەقینەی کۆمەڵگەی دەشتی قەراجو باری کۆمەلایەتیو ئابووریو دەروونیان لە سەر دەمێکی دیاردا دانەری چیرۆك بە ئەندازەیەکی هونەری بالا دەپێوێ . . با لەبەر رەچاو کردنی زمانی کەسانی ناو چیرۆکەکەش بێت ، هێشتا بۆ ووشەی پیرۆزی ئەدەبی کە دانەر لە بابەتێکی هونەردا کە چیرۆك نووسێکی لێهاتوو بەهرەدارە ، نەدەبوو هەندێ ووشەی سەرزارەکی دابنایە ، وە رای من لەوەدایە دەست بەرداری ئەو ووشانە ببوایەو بە شێوەیەکی دیکە دەگونجا برێکیان بگۆردرانایە ، وە هۆنینەوەی چیرۆکەکەش پتر بایەخدارتر ئەبوو . . وەکو :–

(چ لە گەڵ ئەو – ئاڵچاخەی – دەکرێت) یا (جارێکی تر قەت نەیان دەتوانی – گووی – وابخۆن) وە یان (مەگەر – کەرێکت بگابایە –) وە هەروەها (لەو کاتە هیچ هەوەستی بەم دنیا – حیزە – نەما) .

وە دیسان کە کوێخا وەسمان رێیان بە کوێخا سێوێ گرت ، سێوە لەبەر خۆیەوە ووتی : (حەقی خۆیەتی ئەم – گەوادە – بم کوژێت) . . .

گەر لە بارەی ووشەی پیرۆزی ئەدەبەوە بروانینە ئەم رستەیە واباشتر بوو نووسەر بیووتایە (حەقی خۆیەتی ئەم نامەردە بم کوژێت) وە یان هەر ووشەیەکی دیکەی کە دانەر خۆی چۆنی پەسەند بکردایە بەو جۆرە بۆی دابنایە هەر وەك لە دوواهەمین لاپەرەدا هەمان رستەی (حەقی خۆیەتی ئەم ناپیاوە بم کوژێت) بە جۆرێکی رەنگین نەخشاندوە .

– ئازایەتی سێوە سۆر گەیشتە رادەیەك تفەنگی لێبکاتە شانیو بە سواری ماینە شێوە بە تەنیا بەرەنگاری جوتیارەکەی کوێخا وەسمان ببێتەوەو بە زۆر جووتەکەی پێ بەر بداتو راسپاردەشی بۆ کوێخا وەسمان ناردەوە کە بە ئاغای بڵێ ئەگەر خوێن رشتنی نیازە بابێت زەوییەکەم تۆوبکات .

مام ئۆمەر هەر چەندە لە دوژمنایەتی تێوەگلابوو لە گەڵ ئەوەشدا خراپەی بەرامبەر بێ دەستەلات نەدەکرد ، وەك دەڵێن دوژمندار لە خشەی مارو مێرو دەترسێت ، ئا بەو شێوەیە بە تەنیا ژیانێکی چەرمەسەری دژواری بردە سەر دژ بە کۆی خێڵێك . . گەر کەنەفتەکاری پیریو نەخۆشی بە یەکجاری پشووی لێ

(٥٦)

گۆڤاری کاروان

حوزەیرانی ١٩٨٧ ساڵی پێنجەم

٩

نەبڕیایە ئاوەها بەو جۆرە شێخ گومەر هەرگیز پرکێشی ئەوەی نە دەکرد لە ناو پێخەفدا مام ئۆمەر بە دەستەووسانی بخنکێنێ . . . بۆیە دوای نەمانی مام ئۆمەر ، گومەر مرخی خۆی لێ خۆش کردبوو دەست بگرێت بە سەر ماڵو خێزانەکەیدا ، هەر بەو مەرامەش چوە خوازبێنی غونچە ، وای دەزانی کوێخا سێوێ ئافرەتێکی ئاسایی‌یەو مل بۆ فەرمایشتەکانی ئەدات . . مەزندەی سێوە سۆر زۆر چاك پەی بەوە برد کە گومەر مێردەکەی خنکاندوە ، بۆیە لە خوازبێنی‌کەی غونچەدا سێوە سۆر ئەوەی نایە مشتی گومەرەوە کە ئەگەر دە کچیشی هەبێت مەحاڵە پرچی سپیش بهۆننەوە یەکێکیان بدات بە دوژمنی بەرە بابی منداڵەکانی . . . با گومەر بۆ مەسلەتی‌و خوازبێنی چووبێتە دەرماڵی سێوە ، سێوە سۆر بۆیە ناوبانگی کوێخا سێوێ دەرکردبوو چونکە متمانەی بە ڕێکەوتنی نابەدڵی نیە . . دوژمنی درندە بە دۆست ناژنەڤێت‌و هەر دەبێت بە زەبری لولەی تفەنگ گومەر لە ماڵی وەدەرنێت .

کوێخا سێوێ یەك تەن‌و تەنیا باڵ چیتر خۆی رابگرێت بەرامبەر هێرشی تالان‌و برین (دوژمن هەر دێتە پێشەوەو واز ناهێنن) ، مەڕو ماڵات دەفڕێنن ، خرمان دەسوتێنن ، بگرەو بەکوژ هەر خۆیانن . . هەر غیرەتی سێوە سۆرە کون لە جەرگیا نەبوو کە مێگەلەکەیان ڕفاند تۆزی لە دوژمن هەستاندو (یەکیانی لە خوڵێ وەردا)و ئەوانی دیکەش پاشەکشێیان لی‌کرد .

کۆی ئازایەتی‌و ویژدان‌و بەزەیی‌و سۆز سێوە سۆری لە خانمۆڵەییەوە گەیاندە پلەی کوێخا سێوێ ، کوێخا سێوێ هەر وەك چۆن دەست گیرۆدەیی خێزانی چردۆی کردو لە لی‌قەوماوەکەیاندا داکۆکی کردن‌و زەکات‌و بارە گەنمی دا بە پلکە بەگم ، ئاوەهاش لە کاتی خەرمان سووتانەکەیدا بەزەیی بە وەرزێرەکانەوە دەهات‌و زیانەکەشی بۆ بژاردن‌و قەرەبووی بۆ کردنەوە .

با بایز زیانی بە کوێخا سێوێ گەیاندبێت‌و گزیری کوێخا وەسمانی دوژمنیش‌بێت ، هەرچەندە قەستە سەری سێوەش بووبێت هێشتا دڵ فراوانی سێوە هێندە بێ سنوروبەربڵاوبوو دەی ووت : خۆ بایز ئامۆزای منداڵەکانمەو پشت بەو ببەستم لە بێگانە باشترە . . چوو بە دوایداو هێنایەوە ژێر باڵی خۆی‌و دەی‌لاواند ، ئەنجام کردیە پشت‌گیری خۆشی‌و ، چونکە سێوە سۆر هەر لە لاوی‌تیەوە حەز لی‌کردنی لە فەقی عەلی خۆشەویستی بوو بووە سەرمەشقی دڵداری بۆی ، بۆیەکا دووای سی‌و دوو کردنی دڵی خۆی بێ تی‌ڕامان غونچەی کچی کردە دەست‌گیرانی مەولوودو ئەنجام هەردوو ئامۆزای بە یەك گەیاند .

گەیشتنی بە کۆپی بڵندی ئازایەتی‌و ژیری‌و کارمەیی دەبێت لە ئافرەتێکی بە دەگمەنی وەك سێوە سۆردا خۆی وەدەرخات‌و ناز ناوی کوێخا سێوێی پێ بخەملێنێت . . دەنا گەر ئەو پلانەی کە دای نابوو بۆ ئەوەی دوژمن بە دوژمن لە ناو بەرێت سەری نەگرتایە ئەو کۆیخایەتیەی پێ ڕانەدەبینرا . . . وە بە لێنەکەشی کە دابووی بە کوێخا وەسمان کە شووی پێ بکات بە مەرجێ شێخ گومەری بۆ بکوژێت گەر بچێتە سەرو مێردی پێ بکات ، کەواتە سێوە سۆر هەرگیز کوێخا سێوێ نی‌یەو بێ‌بەری‌یە لە ڕەفتاری مام ئۆمەر . سەرەنجام گومەری بەدەستی کوێخا وەسمان کوشت . . جارێ لە دوژمنی هەرە گەورەی قوتار بوو . . مایەوە تاکە دوژمن کە کوێخا وەسمانە . . ئەویش هەر ڕۆژێ دەبێت کە لوتیان ببێت بە لوتی یەکترەوە .

لە بەهارێکی هات‌و تەڕو پاراودا ڕۆژێك کوێخا سێوێ خۆی پڕ چەك دەکات‌و بە سواری ماین دەچێتە سەر دەغڵان . . دەستەی کوێخا وەسمان بۆی دادەنیشن . . لە چەمی‌یەوە دەیدەنە بەر دەستڕێژ ، ماینەکەی لە ژێردا دەکوژن . . هەر ئەوەندەی کوێخا سێوێ لێ‌یان دێتە دەست ، ناو جەرگی کوێخا وەسمان دەسمێت .

ئافرەتێکی سەلارەی وەك سێوە سۆر ، دەست نێژی مام ئۆمەر بێت‌و ، ئاکام بتوانێت بە تەنیایی قەڵاچۆی دووا دوژمنی بکات ، شایستەی یادگارێکی نەمری وەك ڕۆمانی کوێخا سێوێ‌یە .



26 – affilation (n.) (هەڵەیە) لایەنگرتن (ف . ق

(ق . ط) انتساب . انتماء .

کوردی‌یەکەی هەڵەیە چونکی نە لەئینگلیزی‌و نە لە عارەبی ماناى (لایەنگرتن) دەدات ، راستی‌یەکەی بە ماناى (چوونە پاڵ) دێت .

27 – affix (n.)

ف . ق) پێشگرێکە دەلکێت بە وشەوە (هەڵەیە)

ف . ط) اضافة أولية تلحق بالكلمة .

هەم عەرەبی‌و هەم کوردی‌یەکەی هەڵەن . چونکی (affix) لە ئینگلیزی‌دا بەماناى هەم (پێشگرو هەم پاشگر) دێت ، بۆ دڵنیایی بڕواننە فەرهەنگی (Oxford) .

28 – afraid (adj.) (هەڵەیە) ترسنۆك (ف . ق)

ق . ط) خائف .

هەڵەیەکی زەقە لە کوردی (ترسنۆك) لە جیێ (خائف) دابنێین . چونکی ترسنۆك بەماناى (coward , timid)دێت نەك (afraid) . لە کوردی راستی‌یەکەی ئەوەیە بڵێین (ترساو) ، بۆ دڵنیایی سەیری (oxford)و (فەرهەنگی توفیق وهبی‌و ئەدمۆنز) کە .

29 – age – (هەڵەیە) هەمیشە تەمەن درێژ (ف . ق) long (adj.

(ق . ط) دائم طوال العمر .

لە ئینگلیزی‌یەکەی بەو مانایە نایەت بە ماناى (بەدرێژایی تەمەن) یان (هەمیشەیی) دێت تکایە با ما مۆستایان بفەرمون بۆ ڕاستی‌و دروستی بڕواننە فەرهەنگی (oxford.و (webster's) هەر فەرهەنگێکی دی ئینگلیزی .

خوێنەری بەرێز : قوتابیانی ئازیز ، مامۆستایانی پایەبەرز ... حەز دەکرد هەر هەموو هەڵەکانی ئەو فەرهەنگەم یەکە بە یەکە ڕوون بکردابایەوە ، بەلام لەبەر ئەوەی وەکو گوتم نزیکەی دوو هەزار هەڵەی تیایەو دەبێ بە کتێبێکی گەورە ، ئەوەم نەکرد ، هەستام تەنها هەڵەکانی بەشێکی پیتی (A) – بە تایبەت (ئەو ٢٩) هەڵەیەی دەست نیشانم کردون (هی سێ لاپەرەی ١٣–١٤–١٥ی فەرهەنگەکەن) وەکو لە پێشەکی دا گوتم تەنها ئەو پیتەی (A) (١١٠) هەڵەی پتر تیایەو نەمن ماوەم هەیە یەکە یەکە بە دورو درێژی رونیان کەمەوە لەو دەرفەتەداو نە هیچ گۆڤارێکیش ئامادەیە (دوو هەزار هەڵە) بە یەك جار لە ژمارەیەك بڵاو بکاتەوە بۆیە لە کورتی دا بڕیمەوە .

دوا وشەم ئەوەیەو پێش لە سەر دادەگرم ئەو فەرهەنگە کارێکی مەزن دەبوو ئەگەر ئەو هەڵانەی تیا نەکەوتباو پەلەی لێ نەکراباو بدرابا بە چەند مامۆستایەکی پسپۆر لە زمانی ئینگلیزی . بەلام بەو حاڵەی ئێستای زیان‌و قازانجی بەرامبەرن‌و ئامۆژگاری قوتابیانیش دەکەم تا لە ڕاستی وشەکانی ئەو فەرهەنگە بە تەواوی دڵنیا نەبن ، بەکاری نەهێنن ، ئەگەر بەکاریشیان برد لە یەکێکی ئینگلیزی زان بپرسن ئاخۆ وشەکان تەواون یان نەء . لە کۆتایی‌دا ئومێدەوارم کەس لێم زوێر نەبێت «چونکە ڕاستی تاڵە بەلام بەرەکەی لە هەنگوین شیرینترە» .

**سەرچاوەکانی ئەم باسە :**


١ – شێخ محمدی خاڵ ، فەرهەنگی خاڵ ج ١ ، ج ٢ ، ج ٣ . (سلێمانی : چاپخانەی کامەران)

٢ –
T. Wahby & C. J. Edmons, A Lurdish – English Dictionary. (Oxford: At the Clarendon Press , 1966)

٣ –
As. Hornby , A. P. Cowie, J. Windsor Lewis , Oxford Advanced Learner's Dictionary Of Current English (London: Oxford University Press , 1975)

٤ – د . خليل الحماش وخضير على ، قاموس الطالب ، قاموس E – عربى (بغداد : مطبعة نمير ١٩٨٣)

٥ – وەرگێڕاوی ئەو فەرهەنگەی سەرەوە (فەرهەنگی قوتابی) لەلایەن : (عبدالله فرج شالی ، محمد أمین غفور هەورامانی ، جمال عبدول محمدو د . إحسان عبدالکریم فؤاد) بەغدا : چاپخانەی افاق ، ١٩٨٥) .